# چەند پرسیارێک دەربارەی سەرپەرشتیکردنی منداڵێکی بەهرەمەند

## Halle hat Talent

پرۆژەیەکی BÜRGER.STIFTUNG.HALLE

# ناوەرۆک


Halle hat Talentهاله بەهرەمەندی هەیە پرۆژەیەکی ڕێکخراوی BÜRGER.STIFTUNG.HALLE 3

**ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی سەرپەرشتیکردنی بەهرەمەندێکەوە هەیە 4**

سەرپەرشتیاریی چیە؟ 4

سەرپەرشتیاریی بەهرەمەندێک چیە؟ 4

چ بووارێک هەیە بۆ یارمەتیدانی منداڵە بەهرەمەندەکان؟ 4

نمونە 4

**بەهرەمەندی منداڵان 4**

بەهرەمەندی چییە؟ 4

بۆچی ئێمە یارمەتی منداڵە بەهرەمەندەکان دەکەین؟ 5

چەند جۆری بەهرەمەندی هەیە؟ 5

چ جۆرە بەهرەمەندێک دەتوانێت داواکەی پێشکەش بکات؟ 5

بەهرەمەندێک چۆن دەتوانێت داواکەی پێشکەش بکات؟ 5

چ مامەڵەیەک لەگەڵ داواکاندا دەکرێت؟ 5

**ڕێگاکان بەرەو سەرپەرشتی کردن 4**

کێ دەتوانێت ببێت بە سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک یان یارمەتیدەری بەهرەمەندێک؟ 6

سەرپەرشتیکەر چییە؟ 6

چۆن دەبم بە سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک؟ 6

چۆن سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک و بەهرەمەندێک بە یەک دەگەن؟ 6

دەبێت چی لە بەرچاو بگیرێت لە کاتی بە یەک گەیشتنی سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک و بەهرەمەندێک؟ 6

یارمەتیدەری بەهرەمەندێک چییە؟ 6

چۆن کەسێک دەبێت بە یارمەتیدەری بەهرەمەندێک؟ 7

چۆن و لە کوێ کەسێک ئامۆژگاری پێویستی دەست دەکەوێت؟ 7

یارمەتیدەری بەهرەمەندێک دەتوانێت منداڵێکی بەهرەمەند هەڵبژێرێ؟ 7

یارمەتیدەری بەهرەمەندێك دەتوانێت زانیاری وەربگرێت سەبارەت بە گەیشتنی یارمەتیەکانی؟ 7

چۆن چالاکییەکانی سەرپەرشیکەری یان یارمەتیدەری بەهرەمەندێک بڵاودەکرێتەوە؟ 7

چۆن دەتوانم لەگەڵ سەپەرشتیکەرانی بەهرەمەندەکانی تردا بیرورا و ئەزمونەکان ئاڵوگۆڕبکەم؟ 7

چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی تایبەت بە سەرپەرشتیاریەوە دەکەم؟ 8

چەند کاری سەرپەرشتیاری پەیوەستە (مولزەمە)؟ 8

ماوەی دیارکراو بۆ کاری سەرپەرشتیاری چەندە؟ 8

چی ڕوو دەدات ئەگەر کاری سەرپەرشتیکردنەکە پێش تەواو بونی کاتی دیاریکراوکۆتایی پێهێنرا؟ 8

**شێوازی تری پشتگیریکردن 8**

ئەم پرۆژەیە بە خەڵکی تر بناسێنە 8

کۆمەک 8

ئێمە 9

## دۆزینەوەی بووارەکان!

هەموومنداڵێک بەهرەیەکی هەیە، بەڵام هەموو منداڵەکان ئەو بووارەیان نییە بەهرەمەندی خۆیان دەربخەن.

لە ڕێگای سەرپەرشتیکردنی منداڵە بەهرەمەندەکانەوە ئەو دیارییە دەبەخشینە منداڵەکان و ئەو بووارانەیان بۆ دەرەخسێنین تواناکانی خۆیان پەرە پێ بدەن. هەرلەبەرئەوە ئێمە بەدوای بەهرەمەندی منداڵ دەگەڕێین. وهەروەها بە دوایی کەسانی تر دا دەگەڕێین کە لە ڕێگای بەخشینی کات یان یارمەتی بە منداڵان، ببن بە سەرپەرشتیکەری یاخود یارمەتیدەری منداڵە بەهرەمەندەکان.

## بفەرمون بەشدار ببن!

هەروەکو جیاوازی لە بەهرەمەندی منداڵەکاندا هەیە، ئاواش جیاوازی هەیە لە شێواز و بووارەکانی پشتگیریکردنیاندا.
وەکو سەرپەرشتەکەری منداڵی بەهرەمەند ڕاستەوخۆ زانیاریەکانت دەبەخشیت بە منداڵەکە. ئەگەر بەڕێزتان کاتتان کەمتر هەیە و دەتانەوێت یارمەتی منداڵان بدەن بە شێویەکی بەرچاو، ئەوا دەتوانن ببن بە یارمەتیدەری منداڵە بەهرەمەندەکان و لە ڕێگای کۆمەکەوە دەتوانن یارماتی منداڵێک یان زیاتر بدەن.

## دۆزینەوەی بەهرەمەندەکان!

هەڵبژاردنی منداڵە بەهرەمەندەکان لە ڕێگای پێشکەش کردنی داوایەکەوە دەکرێت.

منداڵان لە تەمەنی نێوان 5 ساڵ تا 15 ساڵ دەتوانن خۆیان پرۆفایڵی خۆیان بنوسن (لەم ڕیگایەوە تواناکانی باش دەردەکەوێت سەرپەرشتیکەرانیش حەز بە جۆرە دەکەن).

جگە لە مەش دایک وباوکی منداڵان یاخود دام و دەزگا پەروەردەییەکانی تایبەت بە منداڵانیش دەتوانن منداڵان پێشنیار بکەن.

## دۆزینەوەی سەرپەرشتیکەر!

BÜRGER.STIFTUNG.HALLE هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی سەرپەرشتیاران بە گوێرەی پلانێکی ئامادەکراو.

بەڕێزتان دەتانەوێت ببن بە سەرپەرشتیکەری منداڵێکی بەهرەمەند؟ یان دەتانەوێت کۆمەک بە منداڵە بەهرەمەندەکان بکەن؟

ئێمە دەتوانین سەبارەت بەو بابەتانە ئامۆژگاری پێویستتان بدەینێ. هەموو ڕۆژانی سێشەممە و هەینی لە نێوان کاتژمێر 4 بۆ 6 ی پاش نیوەڕۆ کارمەندەکانمان چاوەڕێتان دەکەن لە Leipzier 86.

دەتوانن پێش ئەوەی بێن تەلەفۆن بکەن بۆ ئەم ژمارەیە 03452002810 بۆ ئەوەی زۆر چاوەڕوان نەکەن.

## بەشدارانی پرۆژە

بۆ یارمەتیدانی زۆرترین ژمارە لا منداڵان دەستەی "Halle hat Talent"دامەزرێنراوە.

ئەم دەزگا وکۆمپانیایانەی خوارەوە سەر بەم دەستەیەن:

Bürger.Stiftung.Halle
Freiwilligen-Agentur Halle-Saalkreis e.V.
Volksbank Halle (Saale) eG
Weisenburger Immobilien
Ströer – Deutsche Städte Medien GmbH
Villa Jühling e.V.
Rademacher Immobilien
Rotary-Club Halle/ Saalkreis

کەسان و لایەنی تریش دەتوانین بەشدار ببن.

زۆر خۆشحاڵ دەبین کە بەڕێزتان بایەخ بەم پرۆژەیە دەدەن و هیواداریین توانیبێتمان وەڵامی پرسیارەکانتان بدەینەوە.

یولیانا گرایشن
سەرۆکی پرۆژەکە

# ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی سەرپەرشتیکردنی بەهرەمەندێکەوە هەیە

## ✸ سەرپەرشتیاریی چیە؟

سەرپەرشتیاری واتا گرتنە ئەستۆی ئەرکێکی خۆبەخشانە. ناسراوترین جۆری سەرپەرشتیاری وەکو (تعمید) یاخود بەستنی پەیوەندی نێوان 2 شار وە زۆر جۆری تر ناوخۆی ناو کۆمەلگا.

لەم جۆرەدا سەرپەرشتەکەرەکان بە شێوەیەکی شەخسی پشتگیری لە گروپێک (منداڵان ، ژنان) دەکەن.

نمونەی ئەم جۆرە وەکو سەرپەرشتیارانی خێزانی یاخود هی کار وە هەروەها سەرپەرشتیاریی بەهرەمەندەکان.

## ✸ سەرپەرشتیاریی بەهرەمەندێک چیە؟

بە هۆی سەرپەرشتیکردنی منداڵانی بەهرەمەندەوە ئەو دیارییە دەبەخشینە منداڵەکان و ئەو بووارانەیان بۆ دەرەخسێنین کە تواناکانی خۆیان پەرە پێ بدەن.

## ✸ چ بووارێک هەیە بۆ یارمیتیدانی منداڵە بەهرەمەندەکان؟

ئەگەر بەڕێزتان دەتانەوێت بەهرەمەندی منداڵەکان گەشە پێ بدەی ئەوا 2 بووار هەیە بۆ کردنی ئەم کارە:

**سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندەکان:**

بەڕێزتان بەهرەمەندن یاخود لە بوارێکدا پسپۆڕن ودەتانەوێت ئەوپسپۆڕییە بدەنەوە بە منداڵە بەهرەمەندەکان؟ فەرمون داوایەک پێشکەش بکەن لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆرمی *پرۆفایل بۆ سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک*. ئێمە ئامۆژگاری پێویستی پێ دەبەخشین، و هاوکارتان دەبین سەبارەت بە هەڵبژاردنی بەهرەمەندێکی گونجاو.

**یارمەتیدەری بەهرەمەندەکان:**

بەڕێزتان کاتتان کەمتر هەیە ولەگەڵ ئەوەشدا دەتانەوێت بەهرەی منداڵان گەشە پێ بدەن؟

یارمەتیدەری بەهرەمەندەکان لە ڕێگای بەخشینی کۆمەکەوە دەتوانێت پشتگیریەکی بەرچاوی منداڵە بەهرەمەندەکان بکات.

بفەرمون فۆرمی *پرۆفایل بۆ یامەتیدەری بەهرەمەندەکان* پڕ بکەنەوە و دەستنیشانی بکەن کە بڕی کۆمەکەتان چەندە و دەتانەوێت کۆمەکەتان بۆ چ جۆرە بەهرەیەک تەرخان بکرێت.

## ✸ نمونە

- کارمەندێکی زانکۆ دەبێتە سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک و هاوکاری دەکات لە داهێنانیکدا بە شێوازی پراکتیک (عەمەلی).
- یانەیەکی وەرزشی دەبێتە سەرپەشتیاری بەهرەمەندێکی وەرزشی ئەویش لە ڕێگای پێدانی ئەندامێتی بەخۆڕایی.
- کەسێک دەتوانێت خەونی منداڵێکی بەهرەمەند بهێنێتە دی لەڕێگای بەخشینی کۆمەکەوە بۆ کڕینی وانەی پیانۆ.

# بەهرەمەندی منداڵان

## ✸ بەهرەمەندی چییە

بەهرەمەندی بۆ ئەو کەسانە بە کار دێت کە توانایەکی زیاتر لە ئاساییان هەیە. بەهرەمەندی ئەکرێ لە بوواری جیاوزدا و جۆری جیاوازی هەبێت.

**ئێمە وای بۆ دەچین کە هەموو منداڵێک کەم یان زۆر بەهرەمەندە.**

## ✸ بۆچی ئێمە یارمەتی منداڵە بەهرەمەندەکان دەکەین؟

هەموو منداڵەکان ئەو بووارەیان نییە بەهرەمەندی خۆیان دەربخەن.

هەندێک منداڵی تر پێویستیان بە هاندان و پشتگیری تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بەهرە تایبەتیەکانیان پەرە پێ بدەن.

زۆر جار دایک و باوک و دام و دەزگا پەروەردەییەکان ناتوانن ئەم کارە بکەن.

## ✸ چەند جۆری بەهرەمەندی هەیە؟

بەهرەمەندی چەند جۆری هەیە، لای ئێمە 5 جۆریان پێناس دەکرێت:

1) **بەهرەمەندی هونەریی :** بایەخ دان بە بوواری مۆسیقا، زمان، وێنەکردن، شانۆ و شتی تر.

2) **بەهرەمەندی تەکنیک و زانستە سروشتیەکان :** وەکو داهێنەری لە بوواری تەکنیک و زانستە سروشتیەکان و هەروەها ئەو کەسانەی کە پسپۆڕیان لە بوواری کۆمپیوتەردا هەیە.

3) **بەهرەمەندی لە بوواری کاری دەستی دا :** ئەوانەی لە دروستکردنی شتی دەستی و هونەرە میللەکان وەکو دروست کردنی گۆزە و چنین و دارتاشی و شتی تر دا بەهرەیان هەیە.

4) **بەهرەمەندی کۆمەڵایەتی :** ئەوانەی ئامادەییان بۆ یارمەتیدان هەیە و کارەکانیان لە یانەی کولتوریی قوتابخانە و شوێنەکانی تر دیارە.

5) **بەهرەمەندی وەرزشیی :** ئەوانەی لەهەر بووارێکی وەرزشیدا بەرەو پێش دەچن وەکو شەترەنج، سێرک، سەما یان مەلەوانی.

## ✸ چ جۆرە بەهرەمەندێک دەتوانێت داواکانیان پێشکەش بکات؟

هەر منداڵێکی دانیشتوی شاری هالە کە تەمەنی نێوان 5 ساڵ تا 15 ساڵ دەتوانێت داواکەی خۆی پێشکەش بکات یان یاخود پێشنیار بکرێت. بەڵام چونکە ناکرێت پشتگیری هەر هەموو منداڵەکان بکرێت ڕێگای پێشکەش کردنی داواکان دەگیرێتە بەر بۆ هەڵبژاردنی منداڵەکان.

## ✸ بەهرەمەندێک چۆن دەتوانێت داواکەی پێشکەش بکات؟

منداڵان دەتوانن لە ڕێگای پڕ کردنەوەی فۆرمی *پرۆفایل بۆ منالە بەهەرەمەندەکان* خۆیان پرۆفایلی خۆیان بنوسن (لەم ڕیگایەوە تواناکانی باش دەردەکەوێت سەرپەرشتیکەرانیش حەز بە جۆرە دەکەن).

جگە لە مەش دایک وباوکی منداڵان یاخود دام و دەزگا پەروەردەییەکانی تایبەت بە منداڵانیش دەتوانن منداڵان پێشنیار بکەن.

داوا لە قوتابخانە و دام و دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانیش دەکەین کە پێشنارمان بۆ بنێرن.

لە سەدا پەنجای ئەو منداڵانەی کە بە نیازین پشتگیریان بکەین دەبێت منداڵی ئەو خێزانانە بن کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە.

بۆیە داوا لە دایکان و باوکان دەکەین کە زانیاری دەربارەی باری خێزانەکە پڕ بکەنەوە و بە پۆست یاخود فاکس بینێرن بۆ

BÜRGER.STIFTUNG.HALLE

ئەم زانیارییانە بە ئەمانەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و نادرێت بە کەسێکی تر.

## ✸ چ مامەڵەیەک لەگەڵ داواکاندا دەکرێت؟

کاتێک کە هەر دوو فۆرمەکە دەگاتە دەستە ئێمە، ئێمە بانگی هەریەک لە منداڵە بەهرەمەندەکە و سەرپەرشتیکەرەکە دەکەین.

ئەو منداڵە بەهرەمەندانەی کە داواکیان بە ڕێکوپێکی پێشکەش کرد ناوەکانیان لای ئێمە بە جیا تۆمار دەکرێن.

مامەڵەکردن لەگەڵ داواکان بە شێوەیەکی نەناسراو و بە گوێرەی جۆرەکانی بەهرەمەندی دەبێت: هونەری، تەکنیک و زانستە سروشتیەکان، لە بوواری کاری دەستی، وەرزشی، کۆمەڵایەتی.

# ڕێگاکان بەرەو سەرپەرشتی کردن

### ✸ کێ دەتوانێت ببێت بە سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک یان یارمەتیدەری بەهرەمەندێک؟

هەموو هاوولاتییەک کە تەمەنی 18 و بەرووزور بێت یان هەر ڕێکخراوێک یاخود کۆمپانیایەک دەتوانن ببن  بە سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک.

### ✸ سەرپەرشتیکەر چییە؟

سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک بەشێک لە بەهرەمەندی خۆی یاخود پسپۆری خۆی دەدات بە منداڵە بەهرەمەندەکان.

لە ڕێگای چالاکییەکانتانەوە وەکو سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک، بەهرەمەندە گەنجەکان دەتوانن کەڵک لە بەشێک لە ئەزمونی بەڕێزتان وەربگرن.

### ✸ چۆن دەبم بە سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک؟

بەڕێزتان بەهرەمەندن یاخود لە بوارێکدا پسپۆرن ودەتانەوێت ئەوپسپۆرییە بدەنەوە بە منداڵە بەهرەمەندەکان؟

فەرمون داوایەک پێشکەش بکەن لە ڕێگای پرکردنەوەی فۆرمی *پرۆفایل بۆ سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک* و لە ڕێگای پۆست یاخو فاکسەوە داواکاتمان بۆ بنێرە.

دواتر لە ڕێگای بانگهێش کردنتان بۆ کۆبونەوەیەک ووردەکاریەکانتان بۆ ڕوون دەکەینەوە و وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەینەوە.

لە دانیشتنێکی تایبەتیدا ئێمە دەتوانین ئامۆژگاری پێویستان پێ دەبەخشین و دەتوانین منداڵێکی گونجاوتان بۆ پێشنیاز بکەین.

### ✸ چۆن سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک و بەهرەمەندێک بە یەک دەگەن؟

ئێمە ئامۆژگاری پێویستان پێ دەبەخشین، و هاوکارتان دەبین سەبارەت بە هەڵبژاردنی بەهرەمەندێکی گونجاو.

لە یەکەم بەیەکگەیشتنی نێوان سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک لەگەڵ بەهرەمەندەکە و دایک و باوکی، هەردوو لایەنەکە دەتوانن سەرنج بدەن و کەسی بەرامبەر  هەڵبسەنگێنن و پێی قایل ببن یاخود ڕەتی بکەنەوە.

ئەگەر  هەردوو لایەنەکە بەیەکتر قایل بوون، ئەوا گرێبەستێک دەنوسرێت، کە بۆ هەردوو لایەن دەبێتە بناغە.

### ✸ دەبێت چی لە بەرچاو بگیرێت لە کاتی بە یەک گەیشتنی سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک و بەهرەمەندێک؟

ئێمە بۆ دڵنیا بوون لە پسپۆری سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک داوای زانیاری لێ دەکەین وەکو بڕوانامە.

بۆ پاراستنی منداڵان سەرپەرشتیارە کەسییەکان بە شێوەیەکی گشتی پێویستیمان بە دڵنیاکردنەوە و پشتگیری پۆلیس هەیە.

(کرێی ئەو پشتگیرییە ئێمە دەیدەین).

### ✸ یارمەتیدەری بەهرەمەندێک چییە؟

یارمەتیدەری بەهرەمەندێک لە ڕێگای بەخشینی کۆمەکەوە دەتوانێت پستگیری منداڵە بەهرەمەندەکان بکات بە شێوەیەکی بەردەوام. لە ڕێگای یارمەتیەکانی بەڕێزتانەوە ئێمە دەتوانین کەسانی گونجاو بدۆزینەوە و  هاوکارتان بین.

بە بەخشینی هەموو بڕە پارەیەک سەرو 25 ئۆیرۆ مانگانە یاخود بە بەخشینی 250 ئۆیرۆ بۆ ماوەی **ساڵێک** بەڕێزتان دەبنە یارمەتیدەری بەهرەمەندێک و دەتوان خۆتان دەستنیشانی بکەن کە کۆمەکتان بۆ چ جۆرە بەهرەیەک تەرخان بکرێت.

ئێمە بە خۆشحاڵییەوە بانگهێشتان دەکەین بۆ ئەو کۆر و کۆبونەوانەی کە تیایدا بەهرەمەندەکان بەهرە وتوانای خۆیان پیشان دەدەن.

هەر بڕە پارەیەکی تر هەر سوودمەندە و یارمەتی منداڵە بەهرەمەندەکان دەدات.

## ✸ چۆن کەسێک دەبێت بە یارمەتیدەری بەهرەمەندێک؟

لەسەر بناغەی زانیاریاکانت لە فۆرمی *پرۆفایل بۆ یارمەتیدەری بەهرەمەندێک* گرێبەستێک دەکرێ کە تێیایدا شێواز و بڕی پشتگیریەکەتان دەستنیشان دەکرێت.

یارمەتیدەری بەهرەمەندەکان دەتوانن فۆرمەکانیان لە ئینتەرنێت پربکەنەوەو و لە ڕێگای پۆست یاخود فاکسەوە بۆمان بنێرن.

## ✸ چۆن و لە کوێ کەسێک ئامۆژگاری پێویستی دەست دەکەوێت؟

ئێمە دەتوانین سەبارەت بەو بابەتانە ئامۆژگاری پێویستتان بدەینێ. هەموو ڕۆژانی سێشەممە و هەینی لە نێوان کاتژمێر 4 بۆ 6 ی پاش نیوەڕۆ کارمەندەکانمان چاوەڕێتان دەکەن لە Leipzier 86.

دەتوانن پێش ئەوەی بێن تەلەفۆن بکەن بۆ ئەم ژمارەیە 03452002810 بۆ ئەوەی زۆر چاوەڕوان نەکەن.

## ✸ یارمەتیدەری بەهرەمەندێک دەتوانێت منداڵێکی بەهرەمەند هەڵبژێرێ؟

یارمەتیدەری بەهرەمەندێک دەتوانێت دەستنیشانی بکات کە ئەو پستگیری لە چ بووارێکی بەهرەمەندی دەکات.

ئێمە بە خۆشحاڵییەوە بانگهێشتان دەکەین بۆ ئەو کۆڕ و کۆبونەوانەی کە تیایدا نمونەی منداڵە بەهرەمەندەکان بەهرە وتوانای خۆیان پیشان دەدەن.

ئەگەر پێویستیتان بە زانیاری دەربارەی پرۆژەی (هالە بەهرەمەندی هەیە) تکایە ئاگادارمان بکەنەوە.

## ✸ یارمەتیدەری بەهرەمەندێك دەتوانێت زانیاری وەربگرێت سەبارەت بە گەیشتنی یارمەتیەکانی؟

یارمەتیدەری بەهرەمەندێک دەتوانێت سەبارەت بە گەیشتنی یارمەتیەکانی زانیاری وەربگرێت لە مانگی 3 ساڵی داهاتوودا.

تکایە ئەگەر ئێوەش ئەوەتان دەوێت ئاگادرمان بکەنەوە لە فۆرمی پرۆفایل بۆ یارمەتیدەری بەهرەمەندێک.

## ✸ چۆن چالاکییەکانی سەرپەرشیکەری یان یارمەتیدەری بەهرەمەندێک بڵاودەکرێتەوە؟

چالاکیەکان نابێت بشاردرێنەوە. هەموو نمونەیەکی سەرکەوتووی سەرپەرشتیکەر یاخود یارمەتیدەری بەهرەمەندێک دەبێتە هۆی هاندانی هاوڵاتیانی تر کە ئەوانیش لەو بووارەدا چالاک ببن.

سەبارەت بەو سەرپەرشتیکەر یاخود یارمەتیدەری بەهرەمەندانەی کە تاکە کەس نین و نوێنەر یاخود پەیوەستی پەیمانگایەکن، خاوەنی پرۆژە مافی بە خۆی دەدات سەبارەت بە شێواز و درێژی بابەتەکە بڕیار بدات.

ئەوکەسانەی شوێنی کاریان هەیە یاخود کاری سەربەخۆ دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی یان سەبارەت بە گەیشتنی یارمەتیەکانیان زانیاری وەردەگرن **یان** چالاکییەکانیان بە شێوازێکی کاریگەر و گونجاو بڵاو دەکرێتەوە.

## ✸ چۆن دەتوانم لەگەڵ سەپەرشتیکەرانی بەهرەمەندەکانی تردا بیروڕا و ئەزمونەکان ئاڵوگۆڕبکەم؟

داوا لە هەموو سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندەکان دەکەین بۆ هەر پرسیارێک یان کێشەیەک کە لاتان دروست دەبێت پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن.

بۆیە زۆر گرنگە بە شیوەیەکی نەپچراو بەشداری بکەن لە (یانەی سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندەکان) بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و ئەزمون لەگەڵ سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندەکانی تردا.

شێوە و ناوەڕۆکی (یانەی سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندەکان) دەکرێت دیاری بکرێت.

تکایە پێشنیاز و بیروڕای خۆتمان دەربارەی (یانەی سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندەکان) پێ ڕابگەیەنە لە فۆرمی *پرۆفایل بۆ سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندێک*.

### ✸ چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی تایبەت بە سەرپەرشتیاریەوە دەکەم؟

لە کاری سەرپەرشتیکردنی منداڵێکی بەهرەمەند دا کەساییەتی جیاواز بە چاوەڕوانی جیوازەوە بەیەک دەگەن.

لە کاتی پەیدابوونی هەر کێشەیەک تکا لە بەڕێزت دەکەین کە قسە لەگەڵ ئێمە و دایک و باوکی بەهرەمەندەکە بکەن.

لەوانەیە گۆرینەوەی بیرورا و ئەزمون لەگەڵ سەرپەرشتیکەری بەهرەمەندەکانی تردا بە کەڵک بێت.

### ✸ چەند کاری سەرپەرشتیاری پەیوەستە (مولزەمە)؟

ئەگەر بڕیاری سەرپەرشتیاری بەهرەمەندێکتان دابێت، ئەوا گرێبەستێک لە نێوان بەڕێزتان و خاوەن پرۆژەکە ئیمزا دەکرێت. ئامانجی ئەم گرێبەستە ئەوەیە بناغەیەکی باش بۆ هەموو لایەنەکان دابنێت.

### ✸ ماوەی دیارکراو بۆ کاری سەرپەرشتیاری چەندە؟

سەرپەرشتیکردنی بەهرەمەندێک دەبێت یان بۆ ماوەی سێ مانگ بە لایەنی کەم یاخود بۆماوەی ساڵێک زیاتر نەبێت.

ئەگەر بتانەوێت ماوەی سەرپەرشتیارەکەتان درێژ بکەنەوە، ئەوا لە ڕێگای ڕەزامەندی کەسەکانەوە دەکرێت.

### ✸ چی ڕوو دەدات ئەگەر کاری سەرپەرشتەکردنەکە پێش تەواو بونی کاتی دیاریکراو پچڕا؟

ئەگەر هەر ڕوداوێک یان پێشهاتێکی نەویستراو ڕووی دا، کە ببێتە هۆی ئەوەی کە سەرپەرشتی کردنەکە بخاتە مەترسییەوە، ئەوا ئێمە لە ڕێگای قسەکردنی تایبەتی لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بە دووای چارەسەرێکی گونجاو دەگەڕێین.

# شێوازی تری پشتگیریکردن

## ئەم پرۆژەیە بە خەڵکی تر بناسێنە

ئەگەر ئێمە توانیبێتمان لە ڕیگای ئەم پرۆژەیەوە سەرنجی ئێوە ڕابکێشین، ئەوا تکایە بە خەڵکانی تری بناسێنن. باسکردنەکانی ئێوە لە هەموو پلانەکانی ڕێکلام کردن باشترە.

بە دۆزینەوەی هەر سەرپەرشتیکەرێکی تر، منداڵێکی تر ئەو بووارەی دەست دەکەوێت، کە تواناکانی پەرە پی بدات.

## کۆمەک

ئێمە توانیمان لە ڕیگای ئەم پرۆژەیەوە سەرنجی ئێوە ڕابکێشین بەڵام بەڕێزتان کاتتان کەم هەیە؟

دە فەرمون کۆمەک بکەن بە (هالە بەهرەمەندی هەیە).

هەر برە پارەیەکی تر هەر سوودمەندە و یارمەیت منداڵە بەهرەمەندەکان دەدات کە تواناکانیان پەرە پی بدەن.

ئەو شێوازەی دامانناوە بۆ کۆمەک کردن تەنها نمونەیە. ئێمە بۆ چالاکییەکانی بەڕێزتان هیچ سنورێک دانانێین!

### دەرخستنی بەهرەکان

ئێمە دەمانەوێت پیشانی بدەین، کە منداڵان و نەوجەوانان زۆر ئەگەریان هەیە، کە دەکرێت قسەیان لە سەر بکرێت. پشتگیری ئەمە بکە لە ڕێگای بەخشینی 100 ئۆیرۆ بە کۆمەک بۆ دروست کردنی پۆستەر.

### بەهرەکان بە یەکتر بگەیەنە

ئێمە دەزانین کە ئەومنداڵانەی کەتەمەنیان لە یەکەوە نزیکە هانی یەکتر دەدەن. بۆیە دەرخستن و پێشکەش کردنی تواناکان سەختر دەبێت. بە کۆمەک کردنی 500 ئۆیرۆ دەتوانیت کارێک بکەی کە کۆڕێک وا ساز بکرێت.

**ژمارەی کۆنتۆ بۆ کۆمەک کردن**

Zweck: Halle hat Talent
Konto: 107 172 737
BLZ: 800 937 84 (Volksbank Halle)

Steuernummer: 111/142/06751

## ئێمە


**سەرۆکی پرۆژەکە:** **یولیانا گرایشن و تۆماس کوپفەر**

**Juliane Graichen & Thomas Kupfer**

BÜRGER.STIFTUNG.HALLE
Wilhelm-Külz-Straße 2-3
06108 Halle (Saale)
**www.halle-hat-talent.de**
ئیمایل **: info@ halle-hat-talent.de**:
ژمارە تەلەفۆن : 0345/685 87 96

**بۆ دەستکەوتنی ئامۆژگاری:** **ڤیبکە ماندیل و داڤیا بوکۆڤسکی**

**Wiebke Mandel & Davia Bukowsky**

mit Sitz in der Freiwilligen-Agentur Halle-Saalkreis e.V.
Leipziger Straße 82
06108 Halle (Saale)
ژمارە تەلەفۆن **: 0345/200 28 10**